مەحمود دەروێش

# جگە لە ـ با ـ
# کورد چیتر شک نابات

### بۆ ( سەلیم بەرەکات )

### تەرجەمەی: جەمال غەمبار

( سەرنجی پێش خوێندنەوە:
دیارە سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ هەر شتێک لە پێش خوێندنەوەی دەقدا ، زۆر جار دەبێتە مایەی زەوتکردنی پێشوەختەی چێژ و ڕای خوێنەرەکە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم دەقەی بەردەستتان ، دەقێکی تەرجەمەکراوە و تایبەتمەندیی خۆشی هەیە ، بۆیە ئەم دوو سەرنجەم بە پێویست زانی ، بە داوای لێبووردنەوە لە خوێنەران :

1- لەبەر ئەوەی ئەم چامە شیعرییە بۆ ـ سەلیم بەرەکات ـ نووسراوە و، زمانی شیعرونووسینی ئەم پیاوە بلیمەتەش زمانێکی زۆر باڵا و بارکراوە بە جۆرەها وێنەی زیهنیی و هەستیی و جیا لە زمانی باوی نووسین ، بۆیە ـ مەحمود دەروێش ـ ی شاعیر هەوڵیداوە بەشێک لەو ستایڵەی شیعری بەرەکات لەم دەقەدا ڕەنیوبهێنێت.
2- پێشتر ، دەروێش ، وەک شاعیرێکی داهێنەر، گەمەی لە نێو زماندا کردووە، لێ لەم دەقەدا من وای دەبینم ئەمە یەکەمینجارە گەمەی لەمجۆرە لەتەک زماندا بکات و بەمجۆرە هەوڵی تێکشکاندنی بدات .. ) .
ـ وەرگێر ـ

کاتێ دەچمە دیدەنیی ـ کورد ـ
ئەو ، سبەی خۆی بیر دێتەوە ...
بە گسکی غوبار ڕایدەماڵێ : چیت داوە لێم !
چیاکانیش هەروا چیان و ، ئەویش فۆدکا دەخواتەوە

بۆ خاتری ئەوەی خەیاڵ بێلایەن بمێنێتەوە :
من دەبمە موسافیر لە مەجازی خۆمدا ،
- کەراکی*– یە لاسارەکانیش ، برا گێلەکانی منن !
ئەویش سێبەر لە ناسنامەکەی خۆی دەتەکێنێت :
ناسنامەی من ، زمانەکەمە ..
من و ... من .. من زمانەکەمم .
من لە زمانەکەی خۆمدا نەفیکراوم .
دڵیشم پشکۆی کوردە بە سەر شاخە شینەکانییەوە ...
نیقۆسیا ، وەک هەر شارێکی تر ، پەراوێزگەلی چامەکەیەتی .
ئەو ، هەموو شوێنەکانی لەسەر پایسکلێک هەڵگرت و
وتی : دوا شوێن لە کوێی گیرساندمەوە
لەوێ دەبم بە نیشتەنیی .
ئەو ، ئاوا بۆشایی هەڵبژارد و دواتریش نوست .
لەو دەمەوەی فریشتە چۆتە وشەکانیەوە
خەونی بە هیچەوە نەبینیوە ،
( وشەکانی ، هێزی ئەون . هێزی ئەو لە وشەکانیدایە ) .
خەونبینەکان، دوێنێ پیرۆز دەکەن ، یاخود
ڕەشوەت ئەدەنە دەرگاوانی سبەینێی زێڕین ...
ئەز ، نە سبەینێم هەیە ، نە دوێنێ .
زەمەنێکی زۆر تەمەن کورت گۆڕەپانی سپیی منە... /
ماڵەکەی وەک چاوی کەڵەشێر خاوێنە ...
ئەو کەسێکی لەبیرکراوە بە چەشنی دەواری
سەرۆکی ئەو قەومەی چەشنی پەڕ ، پەرشبوون .
قاڵییەک لە خوریی چرچولۆچ . قاموسێکی خۆرەلێدراو**.
کتێبگەلێکی بەپەلە جزوبەندکراو***..
کۆمەڵە سەرینێکی نەخشچن بە دەست و دەرزیی
شاگردی قاوەخانە .
چەقۆگەلێکی تیژکراو بۆ سەربڕینی باڵندەوبەراز.
چەپکگەلێک لەو دڕکەی کە هاوسانە بە ڕەوانبێژیی.
باڵکۆنێکی کراوە
بۆ خوازەکاریی : ئا لێرەدا ' تورک ' و ' گریک ' شەڕە جوێن دەکەن . ئەوەیە گەمەی ڕابواردنی من و گەمەی سەربازە بێدارەکانی سەر سنووری گاڵتەوگەپێکی ڕەش...
ئەم موسافیرە ، موسافیرێکی عادەتیی نییە ...
لە سەرابدا ، باکوور دەبێتە باشوور و، ڕۆژهەڵاتیش بە ڕۆژئاوا.
- با – یەکانیش بێ جانتان ، غوباریش چ کارێکی نییە ..
ئەو ، لە یەکێک دەچێت کە سۆز بۆ کەسێکی

**جیا لە خۆی هەڵگرێت ، بۆیە گۆرانیی ناچڕێت ..**
**گۆرانیی ناچڕێت ئەو دەمەی سێبەرەکەی دەچێتە**
**درەختی ' ئەکاسیا ' وە ، یان ئەو دەمەی نەرمەبارانێک**
**قژی وی تەڕ دەکات...**
**بەڵکو موناجات بۆ گورگ دەکات ، چەنگاوەر بانگی دەکات:**
**وەرە ئەی کوڕی سەگ ، با تەپڵی ئەمشەو لێبدەین**
**تا مردووان وەئاگا بێنین .**
**ئەوە کوردن لە ئاگری هەقیقەت نزیکدەبنەوە**
**پاشان وەکو پەپوولەی شاعیران دەسوتێن ...**

**ئەو دەزانێت ئەوەی لە ماناکان دەیخوازێت،**
**هەر هەمووی بێهوودەییە.**
**وشەکانیش بێهوودە فێڵی خۆیان هەیە**
**بۆ ڕاوکردنی دژەکانیان ،**
**ئەو ، پەردەی کچێنیی وشەکان شەق دەکات و**
**کەچی بە کچێنییش دەیانگێڕێتەوە بۆ قاموسەکەی خۆی.**
**ئەو ، ئەسپی ئەبجەدییەت ، چەشنی بەرخان**
**بەرەو تەڵەی فریوی خۆی ڕامدەکات و**
**بەری زمان دەتاشێت :**
**من تۆڵەی خۆم لە بزربوون کردۆتەوە .**
**من هەمان ئەو کارەم کرد**
**کە تەمتومان بە براکانمی کرد و**
**دڵیشم وەک نێچیرێکی ڕاوکراو برژاند .**
**نابمە ئەوەی کە دەیخوازم و**
**زەمینیشم زیاتر یان کەمتر لە قەسیدە خۆشناوێت.**
**جگە لە - با – کورد چیی تر شک نابات ،**
**- با – لە ئەودا سرەوت ئەدا و**
**ئەو لە - با – دا دائەنیشێت .**
**- با – لە ئەودا ئیدمان دەبێ و ئەو لە - با – دا ،**
**هەر بۆ ئەوەی دەربازی بێت لە سیفاتی شت و زەوی..**

**ئەو بانگی دەکردە نادیار : ئەی ڕۆڵە سەربەستەکەم !**
**ئەی قۆچی دێوانەبوونی سەرمەدی ؛**
**ئەگەر باوکت بە سێدارەکراویی بینی**
**نەکەی لە پەتی ئاسمانی بکەیتەوە و**
**بە لۆکەی سرووده سوانکارییەکەت کفنی بکەیت ،**
**نەکەی بیخەیتە گۆڕەوە ئەی ڕۆڵەکەم .**

**چونکە ڕەشەبا وەسیەتی کوردە بۆ کورد لە مەنفادا ،**
**ئەی ڕۆڵەکەم ،**
**لە ئەنادۆڵی بەریندا**
**زۆرن ئەو بازانەی وان لە دەورم ، وان لە دەورت .**
**با کۆتەڵم نهێنیی بێت ،**
**بێهودەیی بدەرە دەست چارەنوسی خۆی و**
**ئاسمانەکەی یەکەمجارت پەلکێشکەرە نێو قاموسە**
**سیحرییەکەی خۆت .**
**ئاگات لە پێوەدانی ئومێدێکی بریندار بێت ،**
**چونکە دڕندەیەکی خورافییە و ،**
**تۆش ئێستاکە ..**
**تۆ ئازادیت لە باوکی خۆت و لە نەفرەتی ناوەکان ...**
**ت ئێستاکە تۆش وا ئازادیت ، ئەی کوڕی خۆت ،**
**ۆ بە - زمان – بەسەر شوناسدا سەرکەوتیت ،**
**بە کوردم وت : تۆ بە - زمان –**
**تۆڵەت لە بزربوون کردۆتەوە ..**
**ئەو وتی : ئاخر من بەرەو بیابان ڕێناکەم ..**
**وتم : منیش هەروا ..**
**ئیدی چاوم برییە - با –**
**- ئێوارەت باش .**
**- ئێوارەت باش !**

---

**پەراوێز:**
**(*) کەراکی : کۆی ( کورکی ) و بە پێی ( آلمنجد ) تەیرێکی گەورەی بۆرە هو مل و قاچەکانی درێژن ، هەندێک جار لە ئاودا ستارە دەگرێت .**
**(**) خۆرەلێدراو : شتێک خوراووپواو بێت ( متآکل)**
**(***) جزوبەندکراو: تەجلیدکراو**

**تێبینی : مەحمود دەروێش ئەم دەقە شیعرییەی لە مانگی ئۆگەستی ئەمساڵ لە دیمەشقی پایتەختی شام خوێندەوە.**

**سەرچاوە: سایتی ئینتەرنێتی - تیرێژ - www.tirej.net**
**ڕۆژی 12.09.2005**